# هەردوو دەستەی نووسەرانی (طریق الشعب)و(ڕێگای کوردستان) ئێوارە کۆڕێك بۆ ڕێزگرتن لە دڵزاری شاعیر





پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 5ی تەمموزی 2001، هەردوو دەستەی نووسەرانی (طریق الشعب) ڕۆژنامەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراق‌و (ڕێگای کوردستان) زمانحاڵی حزبی شیوعی کوردستان ئێوارە کۆڕێکیان لە شارۆچکەی شەقلاوە سازدا بۆ ڕێزنان لە مامۆستا (ئەحمەد دڵزار)ی شاعیر.

سەرەتای کۆڕەکە کە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیران‌و نووسەرانی دەڤەرەکە ئامادەی بوون، هاوڕێ (د. حەسسان عاکف) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق چەند پەیڤێکی سەبارەت بە ژیان‌و تێکۆشان‌و هەڵوێست‌و شیعری مامۆستا ئەحمەد دڵزار خستە ڕوو.

پاشان بەڕێز مەهدی خۆشناو سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد وتاری یەکێتی نووسەرانی کوردی پێشکەش کرد کە تێیدا هاتبوو:

"گومان لەوەدا نییە کە شیعر بۆ زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات لەوانەش گەلی ئێمە بەشێکی هەرە گەورەی ئەدەب‌و ڕۆشنبیرییەکەیان پێك دەهێنێ، ئەم شیعرە ڕۆڵێکی مەزنی بینیووە لەسەرپێ خستنەوەی ڕۆحی گەل‌و هاندانی بەرەو گۆڕەپانەکانی خەبات‌و ڕووبەڕوو بوونەوەی زۆرداری‌و چەرخە تاریکەکان، ئەو شیعرە شۆڕشگێڕانەش کە پێنووسەکەی"دڵزار" نووسیویەتی گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لە چاندنی ڕۆحی خەباتی هاوبەش‌و ڕەتکردنەوەی شۆڤینزم‌و خۆ بە گەورەتر زانیندا. ئەمڕۆش، دڵزار بە کلتورێکی نیشتمانی دەژمێردرێ بۆ هەمووان. واشیاوە کە هەموو لایەك بەیەکەوە ڕێزی لێبگرین. ڕێزگرتن لە "دڵزار" ڕێزگرتنە لە هەموو ئەو بەها جوانانە کە بە درێژایی چەرخەکان جێگر بوون، ئەو بەها جوانانەی کە پیر بوون‌و تێکشکان‌و دۆڕان ناناسن، دڵزار کە هەشتا ساڵ تێدەپەڕێنی، وەکو ئەو دار بەڕووە دەچێ کە ڕووبەڕووی ڕەشەباکان دەبێتەوە، کەنجیەکی هەمیشە درەوشاوەیە نامەی خۆشەویستی پێیە بۆ نەوە نوێیەکان‌و بەچاوێکی پڕ گەشبینی‌و هیواوە دەڕوانێتە ئاسۆی گەش.

هەمووومان گەورەو بچووك، لە دووروو نزیکەوە، لە شارو لادێکان، لە گوندو شاخەکان، لە گۆڕەپانەکانی خەبات‌و لە تاراوگەدا یادگاری شیرینمان هەیە لەگەڵ "دڵزار"دا کە بیرناچێتەوە، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەم یادەوریانە، بێگەردی سات‌و ڕۆژگارەکانی‌و قارەمانێتیەکەیەتی لەژیاندا. جۆرە قارمانێتیەکی دەگمەن، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە خۆشویستنی ژیان بە هەموو واتا بەرزەکانی!!"

دواتر بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وتەیەکی بە پێزی پێشکەش کردو تێیدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی شیعرو ژیانی مامۆستا دڵزاری شاعیرو ئاماژەی بە چەندین یادەوەری کرد کە لەسەردەمانی لاوێتیدا لەگەڵ مامۆستای شاعیر لە شاری کۆیە ناونیشانی "دڵزار نشأته، شاعیریته، حیاته الحزبیة والصحافیة" پێشکەش کرد کە تێیدا لە سەرەتاوە باسی لە ژیانی مامۆستای شاعیر و کەش‌و هەوای دەوروبەری کرد. ڕوونیشی کردەوە کە مامۆستا دڵزار وێڕای شیعر، چەند شیلگێرانەش داکۆکی لە جووتیارو کرێکارو زەحمەتکێشانی گەلەکەی کردووەو لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا فیداکارانە تێکۆشاوەو لەم پێناوەشدا چەندین جار زیندانی کراوەو بە درێژایی تەمەنی دووچاری ئازارو ڕاوەدوونانی دوژمنانی گەل بۆتەوە.

دوای ئەو بەڕێز کەمال غەمبار توێژینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی (دڵزار شاعیر الجمال و الحب والموقف والنضال) پێشکەش کرد تێیدا تیشکی خستە سەر جیهانی شیعری مامۆستا دڵزارو هەڵویستەکانی‌و شێوازی داڕشتن‌و چەندین لایەنی دیکە، هەروەها چەندین پارچە شیعری وەرگێڕدراوی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کردو تێیدا چەندین یادەوەری جوانی وەبیر ئامادەبووان هێناوەو، چەند پارچە شیعرێکی مامۆستا دڵزاری بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد کە لەزمانی کوردیەوە وەریگێڕابوون.

هاوڕێ زیرەك کەمال ئەندامی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی حزبمان وتەیەکی مامۆستا عومەر فەرهادی خوێندەوە کە تێیدا بە ناوی خۆی‌و بەڕێز عومەر دزەیی بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا (ماوەی کوردی) پیرۆزباییان لە مامۆستا دڵزار کرد.

دواجار مامۆستا حەننا ئەنتوان وتەیەکی بە پێزی پێشکەش کردو پاش ئەویش وتەی کۆتایی مامۆستا دڵزاری شاعیر لەلایەن مامۆستا کەمال غەمبارەوە خوێنرایەوە، کە تێیدا سوپاسی ئامادەبووانی کرد.

لە بەشی کۆتاییدا بەڕێزان مامۆستا سلێمان شاکر، مەجید ئاسنگەر، شوکر مستەفا، خوشکە فریشتەی شاعیر بەشداری کۆڕەکەیان کرد.

# گەردەلولەکە تەنیا میلۆسۆڤیچ دەگرێتەوە؟

**ئارام بۆگدی/ نەرویج**

وادیارە کۆتایی سەدەی بیستەم‌و سەرەتای ئەم هەزارەیە لە گلاسنۆست‌و پێرسترۆیکای گۆرباچۆڤەوە تا گەیشتە مشتومڕ لەسەر پرۆسەی ڕێچکە بەستنی گلۆبالیزم‌و زیاتر دەرخستنی ڕووی نەگەتیڤی دەسەڵاتە شەوە زەنگی‌و تاکەکەسی‌و دەسەڵاتی خێزان‌و عەشیرەتگەری بەسەر بەشێك لە گەلانی جیهانەوەو ئاگا لێ بوونی میدیای سەردەم لەسەرجەم ڕووداوەکانی ئەم زەوییەی کە ئەمڕۆ بە پێچەوانەی مێژووەو زەوی کۆلۆنیالی بەردەمی هەست‌و هۆشیاری مرۆڤایەتییەو ڕەهەندە وەهمییەکانیش زیاتر پوکانەوەیان پێوە دیارە، دەکرێ بگوترێ کە ئیدی وەك جاران دیکتاتۆرەکان بە ئارەزووی خۆیان هەرچی نەکراوە بە گەلانی بکەن، نەخاسمە ئەوانەی کە بە ڕەگەز لە نەتەوەیەکی تر‌و وڵاتیش لەچەند نەتەوەیەکی جیا ڕەگەز پێك هاتبێ؟ لەم ڕوگەیەوە گەلی ژێر دەستەی نەتەوەی باڵا دەبێتە ئامانجی یەکەمی دیکتاتۆر بۆ بێزکردنەوەو ڕەگەز پەرستی‌و ڕق‌و کینەی تا دەگاتە قوڵبوونەوەی دوژمنایەتی کردنی ئەو گەلە ژێر دەستەیەو ئاکامیش دەگاتە جینۆسایدو قڕکردنی بە کۆمەڵ لە پێناو دامرکاندنەوەی حەزە ڕەگەزپەرستییەکان‌و چاوشکاندنی نەتەوەی باڵا کە دیکتاتۆر بە ڕەگەز سەر بەوە. لەم ڕۆژانە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بۆتە سەردولکەی سەر مانشێتی ڕۆژنامەکان‌و ڕاپۆرتچی‌و بێژەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کەس نییە جگە لە داروەدەستەی مرۆ کوژەکانی سەر سەکۆی خوانی دیکتاتۆرەکان نەبێ دادگایی کردنی ئەوانی پێ خۆش نەبێ! بەڵام ئەوەی پرسیارەکان دەوروژێنێ بە ئاسانی ناچێتە سەر دادگایی کردنی میلۆسۆڤیچ ئەمەش نابێتە حاشا کردن لە تاوانەکانی ئەو دیکتاتۆرە بەڵکو ئەگەر بە ڕاستی (عەولەمەی) ئەمڕۆ ئەوەندە سوتاوی پاراستنی مافی مرۆڤ‌و بەخەم بڕیاردانی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگە، پێم وایەو بە ڕاستیش دەزانم کە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوەو کۆچڕەوی گەلی کوردستان بە ئاگا بۆوە، هەر ئەو کاتەو چەندین ساڵ لە پێش شەڕی بەڵکان و لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان‌و عێراقدا بە پێی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەی پێ دەکەن 12-14 تەن دیکومێنت لەکاتی ڕاپەڕیندا لەلایەن خەڵکەوە لەسەر هەموو تاوانەکانی ڕژێمی سەدام گیراو، بەشی زۆریشی ڕەوانەی ئەمریکاو وڵاتانی تری ئەوروپا کراوەو تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو کوردستان ئەگەرچی ئەوساکە جیهان جیهانی گلۆبالیزم نەبوو بەڵام میدیای کەم جێگە هەبوو ئاگاداری تاوانەکە نەبێ.

میلۆسۆڤیچ کاتێ باس لە تاوانەکانی دەکرێ میدیای ڕاگەیاندن ئەوەی دەبینرێ لاشەی کوژراوە بەکۆمەڵەکانەو سەدبارە دەکرێنەوە، سەیر ئەوەیە گەلی ئێمە بە تایبەتی کوردستانی ئەمڕۆی عێراق! بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی دەکرێ بیکەین بە گەورەترین زیان پێگەیشتووی گەلانی سەر زەمین لە ڕووی زیانی مرۆیی‌و ئابوورییەوە بەوەی کە ئێمە تەنیا لە ئەنفالی شومی بەعسدا 182 هەزار مرۆڤ‌و ڕەش بگیریی بارزانییەکان 8 هەزار مرۆڤ‌و لە هەڵەبجە 5 هەزار مرۆڤ‌و سەرانسەری کیمیا بارانی بالیسان‌و شێخ وەسانان‌و گۆپتەپەو عەسکەرو سێوسنانی قەراج‌و گەلی بازێی بادینانیش لانی کەم چەند هەزار مرۆڤمان لێ شەهید کراوە جگە لەسوتان‌و تێکدانی زیاتر لە چوار هەزار گوندو شارو شارۆچکەی کوردستان‌و کەسیشمان تاکو ئێستا ئەم ڕێژەیەمان بەراورد نەکردووە لەگەڵ ئەو هەموو شەهیدەی لە شۆڕشەکانی کوردستان گیانیان بە گەلەکەیان بەخشیووەو سەدان‌و بگرە هەزارانیش لە سێدارە دراون، ئەم چەند دێرە دیرۆکی گەلی ئێمە نییە بەڵکو پەیڤێکی ماتماتیکییەو ئاماژەی پێ کراوەو بەشێکە لەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە. تەنیا لە یەك پارچەیدا!!

ئەوەی گەلی کوردستان بە دەست دیکتاتۆرەکانەوە بینیوێتی هەر ساتێکی سیناریۆی فیلمێکی پڕ کارەسات‌و تراژیدی حەقیقەتی تاوانی دیکتاتۆرییەتە.

لێرەدا بەرسڤی پرسیارەکان یەکتر تاوتوێ دەکەن! بۆیە میلۆسۆڤیچ دەدرێتە دادگای نێو دەوڵەتی لاهای، چونکە تاوانبارێکی یەکجار مرۆڤ کوژو دڕندەیە؟!

یان میلۆسۆڤیچ دەبێ بەربەستێك بووبێ لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپادا؟ یان ئەوەی لەبەر ئەوەی ناوچەی بەڵکان یان یوگۆسلاڤیا نزیك دەستی یان بەشێکی دانەبڕاوی بەرژەوەندییەکانی ئەوروپایە بۆیە ئاوها ڕژدن لەسەر دادگایی کردنی؟ بەڵام ئەگەر بۆچوونی یەکەم‌و تەواو کەرەکەی دەرنەچوون ئەوا نووسەر بە هەڵەدا دەچێ‌و سەدام حوسێن ڕۆژانی (عزیی) خۆی لە بیر دەچێتەوە، بەڵام دیسان پرسیارو پرسیارەکان لە پەراوێزی پرسگەکەدا سەردەردێنن! ئایا لەکاتی هەڵەی بۆچوونی نووسەردا تەنیا سەدام‌و دوو بێچووە تاوانبارەکەی تاوانکارن! یان دەیان‌و بگرە زیاتریش دەبێ بدرێنە دادگای گەل‌و ببنە ئەو پەندۆکەی کە ئەمڕۆ میلۆسۆڤیچی پێوە دەناڵێنێ، تاوانباران دەرهەق بە گەلی ئێمە وەك ئەو کۆمەڵە تاوانبارە نین کە ئەمڕۆ داوای دادگایی کردنیان دەکرێ وەك سەرۆکی سربی بۆسنیا کە تاوانبار کراوە بە قڕکردنی خەڵکی بۆسنە، بەڵکو جیاوازییەکە لێرەدایە کە لە کاتێکدا سربەکان تاوانیان بەرانبەر بە بۆسنا ئەنجامدا میدیای جیهان ئاگاداربوو هەر ساتێك‌و هەر تاوانێك پیشانی خەڵك دەدرا بەڵام ئەو کاتی ئێمە ئەنفال کراین‌و زیندەبەچاڵ کراین‌و لە کوردستان تەنیا بەڕواڵەت لە سێ شارو چەند ئۆردوگایەك ئاخنرابووین ئەم گلۆبالیزمە هەڕەتی یارمەتیدانی ڕژێمی عێراقی بوو لە بوارە جیاجیاکانداو بەرژەوەندی نەوت‌و کۆمپانیاکان زۆر لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە ئەرزشتربووو؟!

دیسان پرسەکان لە ململانێدان، ئایا دەبێ؟ یان وەهمە سەدامی دیکتاتۆرو سەرانی تاوانباری ڕژێمەکەی ڕۆژێ بە کەلەبچەوە میوانداری لاهای بکەن یان ئەمە خەونێکی ئەبەدییەو دەبێ گەلانی عێراق چۆن (لە چوونەوە بۆ چوون) ئەمە نەك قۆناغێکی دیکتاتۆری بێ بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئیمپراتۆری وەك عوسمانییەکان بەڵام لە چوارچێوەی عێراقداو ئیدی نەوەی (المنصور بالله) تا ئەبەد خاوەنی کەژاوەی دەسەڵات بن!!؟

# مەئساتەکانی گەمارۆی ئابووری‌و ئامانجی سیاسی گەمارۆی زیرەکانە

**عوسمان محەمەد/ سلێمانی**

لەم ڕۆژانەدا (11) ساڵ بەسەر داسەپاندنی بڕیاری گەمارۆی ئابووری بەسەر خەڵکی عێراقدا تێپەڕ ئەبێت، ئەمریکا یازدە ساڵ پێش ئێستا وەکو بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ داسەپاندنی باڵادەستی خۆی بەسەر جیهاندا، کێشەی داگیرکردنی کوێتی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گۆڕی بە ئەزمەیەکی جیهانی‌و کردی بە بەهانەیەك بۆ هێز نواندن‌و ملهوڕی سەربازی.

سەرەتا ڕووکەشی بڕیاری داسەپاندنی گەمارۆی ئابوری لەژێر بەهانەی فشار هێنان بۆ ڕژێمی بەعس، بۆ ئەوەی لە کوێت بکشێتەوەو شێخەکانی بگەڕێنێتەوە سەر کورسی دەسەڵات، دواتر کە ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە، بەزۆر لە کوێت دەرکرا، ئیتر وەرەقەی داگیر کردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەدەستی ئەمریکا وەرگیرایەوە.

ئیتر وا پێویستی کرد ئەمریکا بیر لە دەروازەیەك بکاتەوە بۆ درێژەکێشانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، ئەمجارەیان لە ژێر بەهانەی مەترسی ڕژێم بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکەو لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکانی، لە هەمان کاتدا بۆ پارێزگاری لە خەڵکی عێراق‌و بەرگری لە مافی مرۆڤ لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتی ڕژێمی بەعسدا، ئەمەش ئەو پەردە ڕووکەشە بوو کە لە پاڵیا ڕیاکارانە درێژە بە دەستێوەردانی خۆی بدات لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا تەوقی مەرگی لە ملی هەزاران ئینسانی بێ تاوانی عێراق کرد، ئەوە بۆ یازدە ساڵە خۆراك‌و دەرمانی لە دەمی گەورەو بچوکی ئەم وڵاتە بڕیوەو خەڵکی عێراقی لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانی ئینسانی بێ بەش کردووە.

ماوەی ئەم یازدە ساڵە لە پاڵ سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریکاو غەربی هاوپەیمانی‌و دەزگا ئیعلامییە بەکرێگیراوەکانیدا، لەنێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا، ئەحزاب‌و دەستەو تاقمی قەومی‌و ئیسلامی کۆنەپەرست‌و گوێ لە مستی خۆیانیان خستۆتەگەڕ، تا پەردە بەسەر ئاکامە مەینەتبارەکانی گەمارۆدا بدەن‌و مەئساتەکانی ئەم خەڵکە لە چاوی ڕای گشتی‌و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بشارنەوە، لەلایەکی ترەوە بە ناوی خەڵکی عێراقەوە، زوڕنا بۆ پێویستی‌و بەکەڵکی ئەم گەمارۆیە لەپێناو لاوازکردنی ڕژێمی سەدام بژەنن.

مێژووی ئەم یازدە ساڵەی ژیانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی عێراق، سەرتاپا دیاردەیەکی گەورەو بەرینە لە کارەساتی ئینسانی‌و مەحرومییەت‌و موحتاجی‌و وێرانی‌و ڕۆژ ڕەشی، خەڵکی عێراق دووچاری ڕۆژگارێ کران کە تاسەی پاروە نانێکی وشك بکەن، بە مەرجێ تامی نان بدات، ئەو نەخۆشیانەی کە دەکرا بەدەنکە حەبێك بەریان پێ بگیرێ، بە شەپۆل ئەم خەڵکەیان ڕاپێچی مەرگ کرد، نەخۆشخانەکان لە جێگای چارەسەرکردنەوە گۆڕان بۆ وێرانەو بوون بە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، هیچ پێوانەیەکی نەخۆشخانەیان تیا نەمایەوە، چەندین منداڵ بە شێواوی‌و ناساڵم‌و بەدخۆراك لەدایك بوون، برسێتی‌و بەدخۆراکی نزیك بە دوو ملیۆن منداڵی ساوای ڕاپێچی مەرگ کردو لە گەورەکانیش کوشتاری زۆری کرد، کۆمەڵگای عێراق سەرتاپا نابوت‌و وێران کراو لە هەموو ڕوویەکەوە دەیان ساڵ گێڕایەوە بۆ دواوە، ئەم کۆمەڵگایە هیچ سیماو ڕوخسارێکی کۆمەڵگای هاوچەرخی پێوە دیارنییە، ماڵ‌و مەسکەن‌و ڕێگەوبان‌و قوتابخانەو نەخۆشخانەو کارگەو کارخانەکان هەموو شتێکی داڕووخاوە، دەکرێ بڵێین هەموو خەڵکی عێراق بێ کارن، چونکە ئەوانەی کاریش ئەکەن لە مانگێکدا خەرجی ژیانی چەند ڕۆژ وەرناگرن، مەئساتی ژیانی ئەم یازدە ساڵەی خەڵکی عێراق لە باسکردن‌و ژماردن نایەن. بەهانەکانی ئەمریکاو غەرب بۆ داسەپاندن‌و درێژەدانی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییە بە تەواوی کارایی خۆی لەدەست داوەو پڕوپوچ بوونە.

ئەوە ڕژێمی بەعسە بە هەموو ئیستبدادو زیندان‌و ئەشکەنجەو ئیعدام‌و ملهوڕی‌و عەسکەرتاریەت‌و کوشتاری بە کۆمەڵەوە لەسەر جێگای خۆی ماوەتەوە، گەمارۆی ئابوری نەك هەر تۆزقاڵێك ڕەوتی ڕووخانی ڕژێمی بەرەو پێش نەبردووەو لە بەرامبەر خەڵکدا لاوازی نەکردووە، بەڵکو تواناو ئیرادەی خەڵکی لە بەرامبەر ڕژێمدا هاڕیوەو کەمەری ئەم خەڵکەی شکاندووە.

### سیاسەتی گەمارۆی زیرەکانە بە دوای چ ئامانجێکەوەیە

دوای یازدە ساڵ گەمارۆی ئابووری‌و ئاکامە دژی ئینسانییەکانی، دوا سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیا پێشنیارکردنی گەمارۆی زیرەکانەیە.

ئەمریکا بە حوکمی جێگەو ڕێگای ئەزمە گرتووی خۆی، گەیشتۆتە ئاستێ کە ئیتر ئەو باڵادەستی وەزنە سیاسییەی کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەدەستی هێنابوو بەتوندی بێتە خوارەوە، ئەگەرچی لەشکرکێشی بۆ کەنداو توانی پایەی ئابوری‌و سیاسی تا ڕادەیەك بەرز ڕاگرێ‌و لە سەدا حەفتای قازانجی ئابوری وڵاتانی خەلیج بۆ کۆمپانیاکانی خۆی مسۆگەر بکات‌و، باڵا دەستی خۆی فەرز بکات، بەسەر جیهان‌و عێراقیشدا، بەڵام ئەم ملهوڕی‌و باڵادەستییە ناتوانێ تاسەر درێژەی هەبێ، ئەم دەورانە، دەورانی هەڵچوونە نزیك یان هەندێ دوور ئەبێ کۆتایی پێبێ، ئەم پرۆسەی داچونەش چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ سیاسەتەکانی لە کولبوون‌و شکستدایە.

بەڵام ئەم هاتنە خوارەوەی جێگەو ڕێگەی ئەمریکایە، لە باری ئابوری‌و سیاسییەوە، مانای ئەوە نییە ئەم زلهێزەی دونیا، کتوپڕ هیچ دەورو کاریگەرییەکی نامێنێ، لەسەر ئاستی جیهان‌و ئەو کێشە سیاسییانەی کە لە وڵاتانی جۆراو جۆردا ڕوودەدەن، تا سەرهەڵدان‌و هاتنە مەیدانی قوتبێکی تر، کە ململانێ لەگەڵ ئەمریکاو سیاسەتەکانیدا بکات، ئەوە بڕیارەکان‌و پێشنیازو سیاسەتەکانی، کەم تا زۆر هەر بڕەوی هەیە، پرۆسەی ئەم داچونەش گەیشتۆتە ئاستێك، وای لێهاتووە کە وڵاتانی تری زلهێز لە مونافەسەیەکی زۆر بەهێزدان لەگەڵ ئەمریکاو سیاسەتەکانیدا بۆ ئەوەی جێگەو ڕێگەی سیاسی لێژ بکەن‌و شوێنی بگرن.

پێشنیازی تازەی ئەمریکاو بەریتانیا، کە لەم ماوانەدا خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، کە بە گەمارۆی زیرەکانە ناوی دەبەن، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ نارەزایەتی توندی چەند وڵاتێك لە ئەنجومەنی ئاسایش بەرەو ڕوو بۆوە، چەند وڵاتێکی تریش لەسەر ئاستی جیهان، ئەو پێشنیارەیان ڕەت کردەوە، هیچ بڕیارو پێشنیارێکی ئەمریکاو بەریتانیا بەقەد ئەم پێشنیارەی گەمارۆی زیرەکانە، لەگەڵ نارەزایەتی وڵاتە عەرەبییەکان بەرەوڕوو نەبۆتەوە، گێرمەو کێشەی ناو ئەنجومەنی ئاسایش گەیشتە ئەوەی کە نەتوانن ئەو پێشنیارە یەکلایی بکەنەوەو بە ناچاری دواخرا. سەیر لەوەدایە ئەمریکاو بەریتانیا ئەم پێشنیارەیان ناو ناوە گەمارۆی زیرەکانە، بەو مانایەی کە گەمارۆ لەسەر خەڵك نامێنێ‌و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی ڕژێم دەبێتەوە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە ئەمریکا زۆر هۆشیارانە گەمارۆی ئابوری لەسەر خەڵکی عێراق دانـاوە، واتە ئەو مەئسات‌و مەرگەساتەی کە لە ئەنجامی گەمارۆوە توشیان هات، ئەو دوو ملیۆن ئینسانەی کە لە ئەنجامی گەمارۆوە گیانیان لەدەستدا، ئەو منداڵ‌و مێردمنداڵانەی کە لە تاوی برسێتی قوتابخانەیان بەجێهێشت، ئەو پیرانەی کە بە ناچاری حەواڵەی بازاری سواڵکردن کران‌و بێناز کەوتن، دەیان‌و سەدان کوێرەوەری تر کەبەسەر خەڵکدا هات، سیاسەتێکی زۆر هۆشیارانەی ئەمریکا بوو، بۆ باڵادەستی خۆی‌و بەرژەوەندی ئابوری سیاسەتەکانی، لە هەمان کاتدا سیاسەتێکی هەدەفمەندانە بوو، بۆ کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی عێراق.

بۆ ل11